# ڕەخنەگرتن لە کامێرای شاراوە مشتومڕ دروستدەکات

هادی ئەمین

قسەکردن لەسەر بابەتو دیاردەکان بەمەبەستی گۆڕینیان بەرەو باشترو کەمکردنەوەی لایەنە زیانبەخشەکانیان پێویستیەکی ژیانە. (لە کۆمەڵگای نوێدا هۆکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بنەمای گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتین، بەهۆیانەوە بۆچونو ڕاڤە دەدرێنە وەرگرانو، بەشێکی گرنگی ڕەفتاری کەسیو کۆمەڵایەتی دادەڕێژنەوە. مرۆڤەکانیش دەتوانن بەهۆی بیستن، بینین، خوێندنەوە، پەرەبەخۆیانبدەن ) *. کارێکی گرنگی ڕاگەیاندنیش قسەکردنە لەسەر بابەتە بچوکو گەورەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی، تا هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاتر دروست ببێتو، ڕای مرۆڤدۆستانەو زانستیانە شرۆڤەبکات.

لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا ژمارە (248)ی ڕۆژی(9-11-2005)دا بابەتێکم بڵاوکردوە لە ژێر ناونیشانی (ڕەخنە لە کامێرا شاراوەکەی کوردساتو کوردستان TV)، زیانە دەرونیو کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دوو کامێرایەم خستەڕوو. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیش لە ژمارە (637)ی ڕۆژی (14-11-2005)دا ریپۆرتاژێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (کامێرای شاراوە، ترسی لە نێو هاوڵاتیان بڵاوکردەوە). پاشان بڕای ئازیزم کاک کەریم محەمەد ئامادەکارو دەرهێنەری کامێرا شاراوەکەی کوردستان TV وەڵامی ڕەخنەکەی منی دایەوە لە هاوڵاتی ژمارە (254)دا، کە دەستخۆشی لێدەکەم، چونکە دەبێتەهۆی زیاتر قسەکردن لەسەر بابەتەکە..

ڕۆڵی کامێرای شاراوە:

بینەران لەبەرئەوەی بەهۆی بەرنامە فیکریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەنگوباسەکانەوە ماندوودەبن، بۆیە چەند برگەیەك دادەنرێت بۆ پشودانو خەندە دروستکردن لە نێوانیاندا. کامێرای شاراوەش برگەیەکی خەندەبەخشە، پشوودانێکی کورت بۆ بینەران دروستدەکات. ئەم برگەیە ئامانجی تاقیکردنەوەو پۆلێنکردنی خەڵك نییە بۆ خەڵکی ناوەڕۆك خراپو ناوەڕۆك باش، ڕاستگۆو ناڕاستگۆ، ڕۆشنبیرو نارۆشنبیر. مەبەستی نییە خاڵە لاوازەکانی هاوڵاتیان ئاشکرابکاتو فەزحیان بکات.

کامێرای شاراوە دیمەنەکان ئەنجامدەدات بێئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکاندا بکات، بێئەوەی بیخاتە نێوەندی کارەکەوە. بۆنمونە یەکێك لەستاف کامێراکە لە دواوە کراسەکەی بۆیاخ دەکاتو لەسەر کورسی باخێك دادەنیشێت، کاتێك یەکێکیتر لەلایەوە دادەنیشێت، پاش کەمێك ئەوی کامێراکە هەڵدەسێت، سەیری پشتی خۆی دەکات، مەبەستیەتی بڵێت (پشتم بۆیاخاوی بووەو کورسیەکە بۆیاخاویە) بۆیە لەپڕ کەسەکەی تریش هەڵدەسێتو وادەزانێت بۆیاخاوی بووە، کامێراکەش ئەو هەڵوێستە تۆماردەکات. یان یەکێك لە ستافەکە خۆی دەکات بە کوێر، پرسیار لە یەکێك دەکات، پاش چەند هەنگاوێك خۆی دەخاتە چاڵێکی سەرداپۆشراوەوە (کە ئامادەیانکردوە) کەسەکەش وادەزانێ بەڕاستی کەوتۆتە چاڵەکەوەو هەڵوێستەکەی تۆماردەکرێت، بێئەوەی هاوڵاتیەکە بکرێتە بکەری مەهزەلەیەك.

جووت کەوانەی ئیقتیباس "...":

لە نوسیندا هەرکاتێك جووت کەوانەی ئیقتباس بەکارهێنرا، واتە ئەوەی نێو دوو کەوانەکە دەقاودەق بە فاریزەکانیشەوە وتەو نوسینی ئەو کەسەیە کە لێوەی گوێزراوەتەوە. کاك کەریم لە پەرەگراف چوارەمی (لە بێخەبەران هەشتا سڵاوەت)دا لە نێو جووت کەوانەی ئیقتباسدا شتێکی نوسیوە، گوایە من نوسیومە: "پێویستمان بە کامێرای شارەوە نییە". ئەم ڕستەیە لە هیچ پەرەگرافێکی ڕەخنەکەی مندا بوونی نییە ! ئەوەی من جەختی لێدەکەمەوە بریتیە لە:

1- ناشێت کامێرای شارەوە کەسەکان بکاتە بابەتو بکەری دیمەنەکان. ئەم بەکارهێنانە خراپەش بە دوو جۆر دەکرێت:

ا- کەسەکان دەخەنە قەفەسی ئیتیهامەوە. ستاف کامێراکە کارێکی نەشیاو دەکەن، پاشان دەیسەپێنن بەسەر هاوڵاتیەکداو تەنگەتاوی دەکەن، بۆئەوەی تۆماری هەڵچوونو تورەبوونەکەی بکەن. ئەوەش نەگونجاوە، چونکە ناشێت کارێك کە

نـەیکردوە بیسـەپێنێت بەسـەریدا. بـەڵکو دەشـێت تۆمـاری هەسـتو جووڵەیـەکی خۆشـبکرێت، بـێ شـۆڕبوونەوە بـەناخی هاوڵاتیەکاندا.

ب – کەسەکان دەخەنە هەڵوێستی موحریجەوەو تەنگەتاوی دەکەن. بارێکی نائاسای بۆ دروستدەکەن، تـابزانن هاوڵاتیەکـە چی دەکاتو تۆماری هەڵوێستەکانی دەکەن.

2– ناشێت کامێرای شاراوە بە میتۆدی هەڵبـژاردنی قوربـانی (ضـحیة) ئیشـبکات. ناشـێت خـاڵی لاوازی ئیسـتغلال بکـاتو دەرییخات بە بیانوی (بۆئەوەی بینەران پێبکەنن).

3– دوای تەواوکردنی دیمەنی کامێرای شاراوە، پێویستە پرس بە کەسەکە بکرێت، تابزانن ڕازییـە دیمەنەکـە بڵاوبکرێتـەوە، ئەگەر ڕازی نەبوو، نابێت بڵاوبکرێتەوە، بەپێچەوانەوە پێشێلکردنی مافی کەسەکەیە.

ئازیزمان کاك کەریم لە پەرەگرافی یەکەمدا نوسیوێتی:"ئەم بەرنامەیە ناتوانێت پرس بە کەس بکاتو لـە ناکـاوداو بـەبێ زەنگ لێدان لە دەرگای بیرکردنـەوەکان دەداتو تاقیمـان دەکاتـەوە". ئاشـکرایە خۆخسـتنەنێو ژیـانی خەڵکـەوە بـێ ئیـزن وەرگرتن کارێکی نەگونجاوە، نابێت بێ ئیزن بچینە هیچ ماڵێك یان شتی کەسێکیتر بەکاربهێنین. بـەڵام کـامێرای شـارەوەکە جگە لەوەی بێ ئیزن شتەکان بەکاردێنێ، بـەڵکو کەسـێتیەکانیش وەك کـاڵاو بابـەتێك بـەکاردێنێتو دەینخاتـە داوەوە. بـۆ ڕاستکردنەوەی ئەو کارە نەشیاوە، پێویستە دوای تەوابونی دیمەنەکە پرس بە هاوڵاتیەکە بکرێت، تابزانن ڕازییـە دیمەنەکـە بڵاوبکرێتەوە.

بێگومان کامێرای شارەوەی بێدەنگیش ئەگـەر بـە شـێوازی خسـتنە قەفـەزی ئیتیهـامو ئیحراجکـردن کاربکـات ئـەویش جێگای ڕەخنەیە، هەروەها نەشیاوە ئەگەر دیمەنی تۆقێنەر بکات بـە خۆداپۆشـین، پۆشـینی دەموچـاوی دڕنـدەو ترسـاندنی خەڵك پێی (ڕەنگە کەسەکە توشی ترسی زۆرو شەلەل بکات). یان نواندنی ڕەفتارێکی ناکۆمەڵایەتی ئەویش نەگونجاوە.

کامێرای شاراوە لە کوردستان:

بەهۆی وەڵامەکەی کاك کەریمەوە دەتوانین گفتوگۆی زیاتربکەین. لە پەرەگرافی چوەرمدا نوسیوێتی:"ئێمە وەکو گروپی کامێرای شاراوەی کوردستان TV هیچ بەرنامەیەك بەبێ هەدەف ناکەین". بابزانین ئەو هەدەفانە چین.

لە پەرەگرافی یەکەمدا نوسیوێتی: "ئەم بەرنامەیە لە ژیانو گوزەرانی خەڵکەوە زۆر نزیکەو بەرگری دەکات بۆ ئەوەی لـە ژیاندا پشـوو درێـژ بـین"، ئاشـکرایە بەرنامەیـەك ناتوانێـت کـاری هێورکردنـەوەو پشـوودرێژی ببەخشـێت، چـونکە دەرونو ڕەفتارەکان پەیوەستن بە ژینگەی سروشتیو، ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابوریەوە.

لە ژینگەیەکی ژیان کوژو گەنج کوژدا، کە چەندین هەزار گەنجی کورو کـچ تەمـەنیان بـەرەو پـیری دەڕواتو، تـا ئێسـتا ژیانی هاوسەرێتیان دروستنەکردووە بەهۆی نەبوونی داهاتو گرانی خانوو، ژینگەیـەك هـاوڵاتی ئاویـان کـەموکورت بێـت بـۆ پێویستیەکان، کارەبـا وەك پێویسـت نـەبێت، کـرێ خـانوو زۆرگـران بێـتو، سـوتەمەنی کـەمو گـران بێـت، پشـودرێژیو پەروەردەی ئاشتی زۆر بەزەحمەت ڕوودەدات.

کامێرای شاراوە لەو وڵاتانەدا مانای زیاترە، کە هاوڵاتیانی لانی کەم کێشەی: (ئاو، کارەبا، داهـاتی ژیـان، سـوتەمەنی، کرێخانوو...)یان نییە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گرفتانەی ئێرە، ئینجا بێیتو بیانخەیتـە (قەفەسـی ئیتهـامو، هەڵوێسـتی موحریج)ـەوەو خاڵە لاوازیەکانیان ئیستغلال بکەیت، (بۆئەوەی بینەران پێبکەنن)، ئەوە کارێکی نەشیاوە. کە تۆ کەسـێکت ئیحراجکردو کردتە قەفەسی ئیتهامەوە (بێ ئەوەی هیچیکردبێت) ئەوە لەباتی ئەوەی دەرونـی هێوربێتـەوە، بەپێچـەوانەوە ئاڕاستەی دەکەیتو پاڵی پێوەدەنێیت بـۆ نوانـدنی هەڵچـونو توندوتیـژی بـەکردار یـان بـە گوفتـار، هـەروەك لـە برگـەکانی ڕابردودا دەمانبینی، پاشان ئەگەر ئەو دیمەنەشت بڵاوکردەوە ئەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەت کوشتوە.

کامێرا شاراوەکەی کوردستان TV چەند برگەیەکی زۆر سەیری کردووە. لەیەکێك لە برگەکاندا پۆلیس (کە ئەرکی پاراستنی هاولاتیانەو جێی متمانەی هەمووانە) بووتە بکەری کامێرای شاراوەو هاولاتیەکە نەیدەزانی چۆن رەفتاربکات، کە لە دیمەنی پۆلیسو تەکسیەکاندابوو، کە متمانەی هاولاتی بە پۆلیس لاوازدەکات.

کامێرای شاراوە کاری فەزحکردن نییە:

ئازیزمان کاك کەریم لە پەرەگرافی کۆتایدا نوسیویێتی: (کاتێك کامێرای شاراوە بە کەسێك دەکەین رەزامەندی خۆی لەسەر نەبێت بلاوی ناکەینەوە، تەنها دوو کەس نەبێت بلاومانکردۆتەوە کە بەزمانی هەرەشە قسەی لەگەلّ کردوین، بۆئەوەی خەلّکی ئاستی رۆشنبیریان بزانن)؟! دەپرسم ئایا ئەگەر کەسێك (بیّ ئەوی هیچیکردبێت) خرایە قەفەسی ئیتیهامو ئیحراجکراو پالپیوەنرا بۆئەوەی رەفتارو ووتەی توند بنوێنێت، مانای وایە کەسێکی خراپە؟ ئایا بەراست تەنها دوو کەس بەبیّ ئیزن وێنەکانیان بلاوکراوەتەوە؟

پرسیار ئەوە نییە دوو کەس مافیان پێشێلکراوە یان هەزار کەس، بەلّکو پرسیار ئەوەیە بۆچی (پێشێلی ماف) دەکرێت؟. ئەو بیانوەی کە هێناویەتیەوە بۆ نیشاندانەکە لە پێشێلکردنەکە خراپترە؟ وەك دەلّێن: (عوزر لە قەباحەت خراپترە). ئایا ئەوە کامێرای ناساندنی خەندەیە، یان کامێرای ناساندنی عەیبەکانی خەلّكو سوکایەتی پێکردنو فەزحکردنە؟ کەواتە وتەکەی من راست دەرچوو کە نوسیبوم ئەوانە کامێرای جەنگی دەرونیو سوکایەتی پێکردنن، نەك کامێرای شاراوە.

لە هەندێك برگەکانی رابردودا، بینیمان کەسەکان ئەوەندە ناچاردەکران تا هەلّدەچونو توندوتیژیان دەنواند. لە راستیدا ئەوانە هەموویان کەسانی ئاسایی ناو کۆمەلّگاکەمانن، ناتوانین بلّێن نارۆشنبیرنو، ناوەرۆکیان بەجۆرێکیترە، چونکە ئەوان لە ئەنجامی بارە نائاساییەکەی کامێرا شارەوەکەوە ئەو ووتەو رەفتارە توندانەیان دەربریوە. رەنگە زۆرێکیشیان چەندین کێشەو گرفتی تایبەت بەخۆیان هەبوبێت لەوکاتەدا. بەلام ئەگەر لە هەلّویستێکی نائاساییدا کەسێك فشاری خرایەسەرو ئیستفزازکراو هەلّچوو، زۆر بێمانایە رەفتارو وتەکەی نیشان بدەیت بەبیانوی "بۆئەوەی خەلّکی ئاستی رۆشنبیریان بزانن"!؟.

با بپرسین بۆچی زۆر لەو کەسانەی کامێرای شاراوەی تیڤیە کوردیەکانیان لەگەلّ دەکرێت هەلّدەچنو تورەدەبنو، ئەگەر ستاف کامێراکە فریانەکەون لە باتی خەندە توندوتیژی دروستدەبێت؟ وەلام ئاسانە چونکە کەسەکان دەخەنە: (قەفەسی ئیتیهامو، هەلّوێستی موحریج)و ئیستغلالی خالّە لاوازییەکانان دەکەن، مرۆڤیش دژ بە فێلّێکردنو ئیتیهامکردنی بیّ هۆ، پێی ناخۆشە بیخەیتە هەلّوێستی موحریجەوەو خالّە لاوازەکانی ئیستغلال بکەبت، یاساش دژە بە سوکایەتیپێکردنو فێلّکردنو ئیحراجکردنی هاولاتیان.

کامێرای شاراوە کاری پۆلێنکردن نییە:

لەگەلّ دەستخۆشیم بۆ وەلامەکەی برای ئازیز کاك کەریم، بەلام لەباتی ئەوەی موناقەشەی تێکستە نوسراوەکەی من بکات، بازهەلّدەدات بۆ جیهانی نەستو ناوەرۆكو سەبارەت بە من نوسیویێتی (بەبێئەوەی هیچ زانیارییەكو باگراوندێکی رۆشنبیری هەبێت باس لە رەخەنەو دەروونناسیو مافی مرۆڤ دەکات). پاشان نوسیویێتی:" بە جۆرێك بیردەکەیتەوەو باسی خۆت دەکەی، بەلام لە ناوەرۆکدا جۆرێکی تری، کامێرای شاراوەش ئەم جۆرە کەسێتیانە دەردەخات ". واتە دەلّێت هادی هیچ زانیاریو باگراوندێکی رۆشنبیری نییەو نارۆشنبیرەو، کامێرای شاراوەش کەسە نارۆشنبیرەکان دەردەخات "بۆئەوەی خەلّکی ئاستی رۆشنبیریان بزانن"!؟

باسکردن لە جیهانی ناوەرۆك کارێکی زۆرسەختە، دەرونزانان لە چەند سالّێکداو بە زۆرو رێگای زانستی دەتوانن لە ناوەرۆكو نەستی کەسێك تێبگەنو بریاربدەن لە جۆری ناوەرۆکی، چونکە جیهانێکی تاکگەراپانەیەو فرەجۆرو ئالۆزە، بەهێندەی ژمارەی کەسەکان ناوەرۆکی جۆراوجۆر هەیە. زۆر زەحمەتە دوو کەس بدۆزینەوە لە ناوەرۆکدا وەکیەکبن. ئەو

جۆراوجۆریەش جوانی دەبەخشێتە ژیان، بەڵام ئازیزمان کاك کەریم بێئەوەی منی دیبێت، یان بێئەوەی یەکتربناسین، بەئاسانی ناوەڕۆکی منی ناسیوە!؟

قسە لەسەر تێکستی نوسراو بینادەکرێت، نەك بازهەڵدان بۆ جیهانی نەستو لەکەدارکردنی کەسێتی خاوەن تێکست. مشتومڕی مەدەنیو زانستیانە لەسەر ناوەڕۆك نییە، بەڵکو لەسەر جیهانی پێکەوەژیانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە، کە جیهانێکی دەرەکییە وەك (هەڵوێستو کردارەکان، گفتوگۆکان، نوسراوەکان، ئەرشیفەکان، بەرنامە جۆراوجۆرەکان...). دەکرێت کەسەکان لە ناوەڕۆکدا هەریەك لەویدی جیاوازبن، بەڵام دەتوانن بەهۆی پەیوەندییە مرۆییەکانو جیهانی دەربڕینو گفتوگۆوە رێکەوتن بکەن لەسەر شێوازێکی پێکەوەژیانی مرۆڤدۆستانەو زانستیانە. بۆنمونە ئەم گفتوگۆو نوسینانە هەوڵدانە بۆ رێکەوتن لەسەر شێوازێکی باشتر بۆ کامێرای شاراوە. ئازیزم کاك کەریم من دەزانم ئێوە بۆئەوەی خزمەتبکەن ماندووەبنو هەوڵدەدەن، بەڵام ڕەخنەو قسەی بەردەوام پێویستە، بۆئەوەی جۆری خزمەتەکە باشتربێتو کەمترین زیانی دەرونیو کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، چونکە هەموو بابەتێك باشیو خراپی خۆی هەیە.

ڕای شارەزا:

برای ئازیزم کاك کەریم لە پەرەگرافی چوارەمی بابەتەکەی (لە بێخەبەران هەشتا سڵاوەت)، داوادەکات کە دەبوو من پرسم بە کەسانی پسپۆر بکردایە ئنجا ئەو بابەتەم بنوسیبایە، نوسیوێتی (من پێم باش بوو بەڕێزتان ڕاوێژتان بە کەسێکی زانا بکردایە لەو بوارەدا، پاشان دەستتان بە نوسین بکردایە). بەڵام ئەگەر سەیری ئاڵای ئازادی ژمارە (637)ی بکردایە بەئاگادەبوو لە ڕای کەسی شارەزا، کە نوسراوە: "سامان فەوزی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بواری یاسای ڕاگەیاندن لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەدا کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێویستە بەر لە بڵاوکردنەوەی دیمەنەکان ڕەزامەندی لە کەسەکە وەربگرن، چونکە ئەگەر بێڕەزامەنی بێت ئەوا ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی دەبنەوە.

هەروەك فەوزی ئاماژەشی بەوەشدا کە هەرکاتێك کەسێك زانی کەرامەتی ڕوشاوە، ئەوا دەتوانێ دوو جۆر داوای یاسایی بەرزبکاتەوە، داوایەکیان داوای قەرەبوو بکاتەوەو ئەوی تریشیان بۆئەوەی کەناڵەکە داوای لێبوردنی لێبکات".

کاك کەریم لە باتی ئەوەی ڕای شارەزایانی دەروونناسو کۆمەڵناسی بهێنایەتەوە، کەچی باس لەوە دەکات، کە گوایا زۆرێك لەوانەی کامێرای شاراوەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە گلەییان نییە. بەڵام ئاشکرایە باشیو خراپی بابەتەکان بەڕەزامەنی زۆرینە پێوانەناکرێت، بەڵکو بەوەی ئایا تا چەندێك بابەتێکی مرۆڤدۆستانەو زانستیانەیە یان بەپێچەوانەوەیە. ئەگەر بەڕای زۆرینە بێت ڕەنگە زۆربەی خوێندکار حەزبکات مامۆستاکەی لەباتی وانەوتنەوە هەر قسەی هەزەلیاتیان بۆ بکات، زۆربەی ئەوانەی جگەرە دەکێشن یان سەیری فیلمی توندوتیژی دەکەن، ڕازین بە حاڵەنەکەو حسابێکی ئەوتۆ ناکەن بۆ ئەو زیانانەی لێیان دەدات.

هیوادارم ستافی تیڤیو کامیرا شاراوەکان بەدڵکی فراوانەوە ڕەخنە قبوڵبکەنو، ڕای مرۆڤدۆستانەو زانستیانە وەربگرن بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانیان.

* علم اجتماع الاعلام. حمید مجید. دار الشروق للنشر. چاپی یەکەم. 2002 . لاپەڕ (62)